# سەلامەتی ئاسبێستەس

## ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدان

# ئاسبێستەس لە بواری خانووبەرەدا



ئاسبێستەس کانزایەکە لە سرووشتەوە دروستدەبێت. ڕیشاڵەکانی ئاسبێستەس بەهێز و نەرمن، تایبەتمەندی نایابیان هەیە بۆ ڕێگری لە گەیاندن و ئاگرپارێزی بۆ باڵەخانەکان. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە، زۆرجار لە ڕابردوودا بۆ ماددەکانی بیناسازی زیاددەکران.

لە بەکارهێناندا سێ جۆری باوی ئاسبێستەس (asbestos) هەیە:

- کرۆسیدۆلۆیت (شین)
- ئامۆسایت (قاوەیی)
- کریسۆتیل (سپی)

ئاسبێستەسی شین و قاوەیی مەترسیان زیاترە لە ئاسبێستەسی سپی. ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەوانە (شین و قاوەیی) فشۆڵن، بۆیە ئاسانتر لە هەوادا بڵاودەبنەوە. ئەمانە هەروەها زیاتر بەرهەڵستکارن بۆ بەرگری سرووشتی جەستەت.

ئاسبێستەسی شین و قاوەیی ساڵی ١٩٨٥ لە بەریتانیا قەدەغەکران. ئاسبێستەسی سپی لە ساڵی ١٩٩٩ قەدەغەکرا.

ئەو خانووانەی لەدوای ساڵی ١٩٩٩ دروستکراون ئەگەری کەمە ئاسبێستەس-یان تێدابێت.

## چی جۆرە ئاسبێستەس-ێک لە ماڵەکاندا هەیە؟

زۆر دەگمەن ڕێدەکەوێت مادەیەکی مەترسیدار-بەرزی ئاسبێستەس لە ماڵەکەتدا بدۆزیتەوە. ئەمە لەبەرئەوەیە ئەو مادە مەترسیدارانەی کە بەکارهاتوون پلەی گەرمیان زۆر زۆر بەرز بووە و بەرگری کیمیایی پێویست بووە. ئەمە بەزۆری لە باڵەخانەی پیشەسازی و بازرگانیدا بووە، نەک لە ماڵاندا.

باوترین ئەو ماددانەی لە ماڵاندا ئاسبێستەس-یان تێدایە ماددەی ئاوێتەی کەم مەترسیدارن، وەک:

- ئارتێکس (ARTEX) (ڕووپۆشی نەخشداری بە ئاسبێستەس قایمکراو)
- خشتی زەوی و چەسپێنەر

ئەم ماددانە بەجۆرێک دروستدەکرێن کە وادەکات ڕیشاڵەکانی ئاسبێستەسەکان بە ئاسانی بڵاونەبنەوە.



## چی بکەم ئەگەر گومانم هەبێت ئاسبێستەس لە ماڵەکەمدا هەیە؟

بە چاوی سەر ناتوانی بزانیت کە ماددەیەک ئاسبێستەسی تێدایە. نیگەران مەبە ئەگەر پێتوابێت لەوانەیە ئاسبێستەس لە ماڵەکەتدا هەبێت. لە ماڵانەی پێش ساڵی ١٩٩٩ دروستکراون زۆر باوە کە ماددەی ئاسبێستەس هەبێت. ئەمانە سەلامەتن ئەگەر دەستکاری نەکرێن.

ئەگەر دڵنیانەبوویت کە ماددەیە ئاسبێستەسی تێدایە، یان دۆزیتەوە یان گومانت کرد ئاسبێستەسێک لە ماڵەکەتدا زیانی پێگەیشتووە:

- بە هیچ جۆرێک لای مەبە
- دەستی لێمەدە؛ وەک بڕین بە مشار یان کونکردن.
- هەوڵمەدە خۆت هیچ شوێنێکی زیانپێگەیشتوو چاکبکەیتەوە.
- ناوچە بەرکەوتووەکە تۆزاوی مەکە، پاکی مەکەوە و گسکی مەدە، چونکە ئەمە ڕیشاڵی ئاسبێستەسەکە بەناو هەوادا بڵاوکاتەوە.

مەشڵەژێ ئەگەر گومانت کرد ماددەیەک هەیە لە ماڵەکەتەدا کە ئاسبێستەسی تێدایە.

پەیوەندی بە ئێمەوە بکە بۆ ڕێنمایی تیمی خزمەتگوزاری کڕیارەکانمان دەتوانن یارمەتیت بدەن و زانیاری زیاترت دەربارەی ئاسبێستەس و ماڵەکەت پێبڵێن.

تکایە پەیوەندی بکە لەڕێگەی تەلەفۆن کردن بۆ **0345 141 4663** یان ئیمەیڵ بنێرە **asbestosinfo@homegroup.org.uk**



# دەکرێ لە کوێی ماڵەکەمدا ئاسبێستەس هەبێت؟



لە بەریتانیا زۆرێک لە شوێنە نیشتەجێبوونەکان ماددەی ئاسبێستەسیان تێدایە. چەند جێگەیەکی کەم لە ناوەوە و دەرەوەی ماڵدا هەیە کە دەکرێ ئاسبێستەسیان تێدا بدۆزرێتەوە:

## ناوەوە

- بۆری دووکەڵکێش ئەمانە ئەو شوێنانە کە زۆر بە کەمی بەکاردێن یان کەوتوونەتە شوێنە بۆشەکان و بۆشاییەکانی سەقفەوە
- رووپۆشی بۆیاغی نەخشێندراو کە دەدرێت لە دیوار و سەقف، بە ئارتێکس ARTEX ناسراوە
- داروتەختەی دیوار، بۆ نموونە، دیواری نێوان ژوورەکان، شوێنی وشککردنەوەی جلوبەرگ، شوێنی بۆیلەر و بۆریەکانی هەوا
- ماددەکانی داپۆشینی عەرزی ماڵەوە وەک ڤینیڵ و تەختە
- ئاسبێستەسی کورسی توالێت، ئەمباری ئاوی حەمام و، مەعجونی دەوروبەری پەنجەرەکان
- تانکی و بۆری ئاو
- لە جیاکەرەوەی بۆرییەکاندا، لەسەر و لەنێوان دابەشکاری دیواردا، هەروەها لە شوێنی هەورەباندا
- لە شوێنی کوژاندنەوەی ئاگری ئامێرەکانی بۆیلەر و گەرمکەرەوەدا.

## دەرەوە


- تەختەی سەربان و پاساری خانوو
- ئاسنی سەر سەقف وەک جۆرەکانی شێلمانی لۆچدار لەسەر کەپر و گەراج هەن
- بۆری ناو زەوی و بۆری هەوا کە لە بەشی دەرەوەی دیواری پشت توالێتدا هەیە
- شریتی راگرتنی سەقف بۆ سەردەرگا و سەر سەقف. ئەمە شریتێکی باریکە کە خشتی سەربان رادەگرێت چونکە لێواری سەربانەکە لەسەرەوە هەڵواسراوە
- چەسپی کۆنی دەوروبەری پەنجەرە و دەرگاکان



## نموونە بۆ ئەو حاڵەتانەی لەوانەیە ئاسبێستەس بدۆزیتەوە



ئاسبێستەس کە رووپۆشی نەخشداری سەقفی تێدایە (ARTEX)



ئەسبیستۆس کە خشتی زەوی و قیری تێدایە



بۆردی چیمەنتۆی ئاسبێستەس بۆ سەربان



ئاسبێستەس کە چەسپ یان مەستەکی چوارچێوەی پەنجەرەی تێدایە



ئاسبێستەسی چیمەنتۆدار لە شریتی راگرتنەوە بۆ کەپری سەر دەرگا



چیمەنتۆی ئاسبێستەسی شێلمانی سەر گەراج

# ئایا ئاسبێستەس لە ماڵەوە جێگەی مەترسییە؟

بە کورتی: نەخێر. زیانی نییە تا ئەو کاتەی زیانی پێنەگات یان دەستکاری نەکرێت.

### مەترسییەکان چین؟

کاتێک ئەو ماددانەی ئاسبێستەسیان تێدایە زیانیان پێدەگات یان تێکدەدرێن، دەتوانن ئەو ڕیشاڵانە دەربدەن کە لە هەوادا بڵاودەبنەوە. ئەمانە بە ئاسانی لەگەڵ هەناسەدا هەڵدەمژرێن ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێگەیەی کە ریشاڵەکان تێکشکێندراون.

بەرکەوتنی بەردەوام و چڕی بەرزی ئاسبێستەس لە هەوادا دەکرێ ببێتە هۆی گرفتی تەندروستی گەورە.

### ئەنجامدانی چالاکی (DIY) لە ماڵی خۆتدا

کاری بیناسازی، ڕازاندنەوە و چالاکییەکانی DIY دەتوانن زیان بە ماددەکانی ئاسبێستەس بگەیەنن یان تێکیان بدەن. دەکرێ ریشاڵەکانی ئاسبێستەس بەهۆی هەڵکەندن، لمکردن و بڕینەوە تێکبچن و لەگەڵ هەناسەدا هەڵبمژرێن. هەڵمژینی ڕیشاڵی ئاسبێستەس دەکرێ ببێتە هۆی کێشەی تەندروستی گەورە.

ئەگەر هەر کارێک دەکەیت یان ماڵەکەت نۆژەندەکەیتەوە، پێویستە پێش دەستپێکردن ئاگاداری ئێمە بکەیتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین تۆمارەکانمان بپشکنین بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی تۆ.

# ئێمە ئەو ڕاپۆرتانە بە جدی وەردەگرین کە ئەگەری هەبوونی ماددە ئاسبێستەس دەردەخەن

تیمی تایبەتمەندی ئاسبێستەسی ئێمە لە بواری خۆیاندا شارەزاییان هەیە و ئەزموونی چەندین ساڵی فەرمی بوارەکەیان هەیە. ئەو کۆمپانیایانەی ئێمە بەکاریان دەهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە ماڵەکانمان و تەواوکردنی کارەکانی لابردنی ئاسبێستەس بە تایبەتی باوەڕپێکراون و مۆڵەتیان پێدراوە.

**ئێمە بەرپرسیارین لە:**

- دانانی تۆمارێکی ئاسبێستەس بۆ هەموو موڵکانەی هی ماڵان نین. ئەمە واتە ئێمەدەتوانین چاودێری دۆخی هەر ماددەیەکی ئاسبێستەس بکەین و کارەکان ڕێکبخەین لە کاتی پێویستدا
- هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی ئاسێبتەس بۆ کڕیارەکانمان لە ماڵەکانیاندا
- ڕێکخستنی پشکنین بۆ ئاسبێستەس ئەگەر پێویست بکات
- لابردنی هەر ماددەیەکی ئاسبێستەس کە ببێتە هۆی دروستکردنی مەترسی

تیمی ئاسبێستەسی ئێمە هەمیشە لەبەردەستە بۆ گوێگرتن و یارمەتیدانت. ئەوان دەتوانن دەستیانبگات بە زانیاری دەربارەی ماڵەکەت، وە ئەگەری هەبوونی هەر ماددەیەک کە ئاسبێستەسی تێدا بێت لە ماڵەکەتدا. ئەگەر ئەمانە هەبن، ئاگادارت دەکەنەوە.

ئەگەر بۆچوونمان وابوو کە پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەین، ئەوا ئەم پرۆسەیەی خوارەوەدا جێبەجێ دەکەین و لە هەموو قۆناغەکانیش ئاگادارت دەکەینەوە.

**هەنگاوی یەکەم**

ئەگەر ماڵەکەت پێویستی بە پشکنینی ئاسبێستەس هەیە، بەڵێندەرە پەسەندکراوەکانمان ئەنجامی دەدەن. ئەگەر ئەوان هەر ماددەیەک بدۆزنەوە کە ئاسبێستەسی تێدا بێت، ئەوا یەکسەر ئێمە ئاگادار دەکەنەوە. پاشان، لە ماوەی حەوت ڕۆژی سەردانی ماڵەکەت ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل تەواودەکەن.

**هەنگاوی دووەم**

ئەگەر هەر ماددەیەکی ئاسبێستەس مەترسی هەبێت، لە ماوەی 24 کاتژمێری پشکنینەکەدا ئاگادارت دەکەینەوە. هەروەها باس لە هەنگاوەکانی داهاتوو و لەگەڵ پاراستنی سەلامەتی دەکەین.

تیمەکەمان بە تەواوی پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی تەواوی لێکۆڵینەوەکە دەکات.

**هەنگاوی سێیەم**

فەرمان بە بەڵێندەرانمان لە جێبەجێکاری تەندروستی و سەلامەتی (HSE) دەکەین، کە بەڵێندەری مۆڵەتپێدراون، بۆ تەواوکردنی هەر کارێک پێویست بێت.

**بەڕێوەبردنی ئاسبێستەس**

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەو ماددانەی ئاسبێستەس-یان تێدایە سەلامەتن بەمەرجێک لە دۆخێکی باشدا بن و ئەگەری ئەوەش نەبێ تێکبدرێن.

بەپێی ڕێنماییەکانی ئێچ ئێس ئی (HSE)، ئێمە دەستکاری هیچ ئاسبێستەس-ێک ناکەین و لێی ناکەینەوە، کە ئەگەر:

- لە دۆخێکی باشدا بێت
- ئەگەری نەبێ کە زیانی پێبگات
- بەڵێندەرە پشکنەرە باوەڕپێکراوەکانمان وای دابنێن کە مەترسی کەمە

ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ماددەی ئەسبستۆس لە کوێدایە و جۆری چییە. ئەگەر شتێک گۆڕا، بۆ نموونە، شکانێک لە سەقفی ARTEX یان زیان بگات بە خشتی زەوی، ئەوا بە زووترین کات ئاگادارمان بکەوە.

ئێمە پشکنینی بەردەوامی ئاسبێستەس بۆ موڵکی بازرگانی و ئەو موڵکانەی هی ماڵان نین، ڕێکدەخەین. بۆ نموونە، ئەمە لەوانەیە ڕێڕەو و هۆڵی چەند شوقەیەک بگرێتەوە.

# تکایە پەیوەندی بکە

بە تەلەفۆن **0345 141 4663**

یان ئیمەیڵ ناردن **asbestosinfo@homegroup.org.uk**

هۆم گرووپ (Home Group)
وەن ستتۆبێری لەین (One Strawberry Lane)
نیوکاسڵ ئەپۆن تاین (Newcastle upon Tyne)
NE1 4BX

**0345 141 4663**
**www.homegroup.org.uk**